# ئێوارەت باش کاک ئازاد!

مامەند جەهانمیهەن



گوندی "سێکوچکە" ئەم کاولە دێیە بوو کە لە داوێنی کوێستانی "کەڵەکەجار" هەڵکورمابوو، لەمێژ بوو پەپوو بەسەریدا خوێندبوو و هەرەشەی وێرانی لێکردبوو، بەڵام ئەم خاپوورەدێیە لەم کلکەی سنوور لەگەڵ باشوور، بەناچاری چارەنووسی ئەو چەند ماڵە چارەڕەش و ڕەش و رووتەی تا ئەو کاتەش لەخۆگرتبوو.

سەرەبەهار کاتیک لە پۆپەی کەژەکەوە بۆ ئاوابیت دەڕوانی، هێند گژ و گیا و سەوزەڵانی لە دیوار و گوێسوان و دەرک و بانی ڕوابوو بەجۆرێک کە نەتدەزانی گوندەکە ڕێک لەپاڵ کام گرد و پاڵ هەڵکەوتووە.

لە شەوی ساوی تاوسان و مانگەشەودا، ئەوەندەی مانگ و ئەستێرە بە میچی ئاسمانەوە نووسابوون ،ڕێک ئەوەندەش گۆئەستێرە لەسەر پنچکەگوێنی و هەڵز و کەما دەدرەوشانەوە.

هاتووچۆ بۆ ئەم کوێرە دێیە و بەم توولەڕێیەدا کە جێجێ کوێر ببۆوە، ئەگەر چی دژوار بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک ڕێگای ئاوریشمی لێهاتبوو کە دونیای چووکی ئێمەی بەیەکەوە تەنیبۆوە و گرێ دابوو.

ئێوارە کە بەناو ئاوایی وەربووین، دوای تێپەڕبوون بەلای چەند چاوە خانووی ڕووخا و بەسەریەکدا ڕماو، لە یەکەم ماڵی ئاوەدان وەژوور کەوتین.

پیاوی ماڵ کوڕێکی لاو ، دەستێک شاڵی شینکی و جامانەیەکی بەسەرەوە بوو کە لە پاک و خاوێنی و کۆکی و ڕیشی تەنک و ڕێکوپێکی هیچ وەک خەڵکی ئەم کوێرە دێیە نەدەچوو، زۆر بەڕێزەوە دەستی لەناو دەستم نا و کوتی: من ئازادم، ئێوارەتان باش.

نە جلوبەرگ و نە ڕەنگ و ڕوو و نە بەم جۆرەی جامانەکەی بەستبوو، هیچ وەک خەڵکی ئەو ناوە نەدەچوو. "ئێوارەت باش"یش بۆ بەخێرهێنان لەو ناوە هەر باو نەبوو.

ئیتر گومان وەک کێچ و مۆریان پێمهەڵگەڕان و هەموو گیانم لیری کرد، بەڵام ئەوە هانی دام و پرسیم: ئێوە لە خەڵکی ئەو ناوە ناچن و لە کوێوە هاتوون؟

ئەوجار خێزانی کاک ئازاد وەدەنگ هات و کوتی: ئێمە خەڵکی شارۆچکەیەکی ئەم دیوی سنوورین، ئازاد بەجێی هێشتبووین و وەدوای شۆڕش کەتبوو، ئێمەش بەناچار سەری خۆمان هەڵگرت و وەدوای کەوتین، ئێستاش کە لێیان دابڕاوە هاتووین بەیەکەوە لەم کوێرەدێیە نیشتەجێ بووین.

کاک ئازاد سێ منداڵی سەرەوپێچکەی هەبوو، یەکیان ساوا و لەبەر مەمکان و دوو دانەی تریان کە دووانە بوون یەستا پایان نەگرتبوو.

دایکی کاک ئازاد لە ژوورێکی تەنیشت خۆیان کە پێشتر گەوەڕ ببوو تازە نوێژەن کرابۆوە دەژیا، ئەم ڕۆژە لەگەڵ پۆلێک ژن و کیژی ئاوایی چووبوونە بەرزاییەکان و کۆلێک کەنگر و کارگ و گیای کوێستانیان لە گەڵ خۆیان هێنابۆوە. هەر چەند ماندوو

بوو و تا رادەیەکیش لەتەمەنەوە چووبوو بەڵام گلێنەی چاوی لەبەر تیشکی ئاگری کوچکاورگەکە وەک گەورەکچ دەترووسکایەوە.

کاک ئازاد گێڕایەوە کە جارێک بەرپرسی سپا بۆ "سەقز"ی بانگ کردووە و زۆریان پرسیار لێکردبوو و ئەوجار هەڕەشەی لێکردبوو وکوتبووی: بۆ ئەوەی بێ کێشە و سەرئێشە لە "سێکوچکە" بمێنێتەوە دەبێ گوێڕایەڵ بێت و هێندێک شت دەزانێت کە نابێت بیانزانێ و دەبێ خۆیان لێبپارێزێت و هێندێک شت نازانێت کە دەبێت هەوڵ بدات بیزانێ و فێری بێت.

هەرکە ئەم ڕەستە چەپوچێرانەی بە فارسی دەکوتەوە، لێی تێکەڵ دەبوو و سەر و گوێی بۆ لەیەک نەدەخرایەوە و ئیتر پێدەکەنین و لە خۆشییان ڕەش و شین دەبوونەوە .

چەند جاری تریش ڕێگام لەم گوندە کەوتەوە، تەنانەت جاریک وەبەر ماڵێکی دراوسێیان کەوتبووم کە کاک ئازاد هات و منی بۆ ماڵی خۆیان بردەوە.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی پووشپەڕ لە دیوی "شلێر" خەریکی حەسانەوە بووین، چەند پیاوی پیری نەدار بۆ بنێشتکردن بە ناو دارستاندا دەگەڕان ، دارە بەنەکانیان لەلە کردبوو و کۆچکەیان پێوە هەڵبەستبوو و ئیستاش کاتی ئەوە بوو کە کۆی کەنەوە.

لەناکاو یەکیان دەنگی هەڵێنا و هاواری کرد: فریای خۆتان کەون دەورتان گیرا.

.ئیتر بەبێ وەستان بەرەو تیرەشانەکان هەڵکشاین، لە گردێکی چڕ و پڕ و بژوێن، هێزەکان بەسەریەکدا کەوتن و لەیەکگڵان و شەڕێکی خەست و دەستەویەخە دەستی پێکرد، ئیتر هەر لەوێوە پێشڕەوی دەوڵەت بەربەست کرا و تا ئێوارە شەر درێژەی کیشا.

لە یەکەم دەسڕێژ و شڵەژانی هێزەکانی ڕژێمدا، تەرمی چەند کوژرا و بریندار بەجێمابوو، کە چووبوونە سەریان یەکەم کەسیان کاک ئازاد بوو. گۆیا کاک ئازاد هەموو ناو زگی بەگۆڕێ وەرببوو و لەتاو ئازار زۆر پاڕابۆوە و دەستەوداوێنیان ببوو کە بیکوژن و لەم دەرد و ژانە بێئەمانە ڕزگاری کەن، بەلام ئەوان ڕۆیشتبوون و هەر لەوێ بەجێیان هێشتبوو.

ڕۆژی دوایی دەنگی شۆڕش بەجۆش و خرۆش هەواڵی ڕاونان و شکان و ڕاماڵینی هیزە داگیرکەرەکانی لە دۆڵی شلێر ڕاگەیاند، هەروەها ناوی کاک ئازادیش وەک جاشی خۆفرۆشی کوردی عێڕاقی خوێندەوە کە لەم شەڕەدا کوژرابوو.

.دواتر دەنگ داکەوت و بیستمانەوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵ تیرێژی بەیان گوندیان گەمارۆ دابوو و کاک ئازادیان لەماڵ هێنابووە دەر و کوتبوویان: تۆ خەڵکی ئەو ناوەی و شارەزای ئەم چەم و ئاو و لێرەوار و دەراوەی، دەبێ پێشمان کەوی و لەگەڵمان بێیت، چەکێکی بێکەلکیان بەشان دادابوو و وەپێش خۆیان دابوو کە ڕێگایان نیشان بدا.

گەلاوێژ ئەنگووت، پاییز داهات ، سۆزەی سەرما لە زرینگانەوەی شەودا خەوی لە چاو زڕاند، بارانی پەڵە لێینەکردەوە تا تەڕایی لەسەر و ژێری زەوی یەکیان گرتەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی ساو لە کەنار کاولەکانی کۆندی ڕاگوێزراوی "دارۆخان" لەژێر شەنگەبییەک کە دیار بوو شەوی پێشوو شەختە سەر و پرچی ئەنگاوتبوو ، دانیشتبووم.

دوو ژن دووراودوور بەرەو ئێمە بەڕێوە بوون، یەکیان منداڵێکی بە کۆڵەوە بوو ، هەر لە ڕێوە هەنگاوەکانیم ناسێوە، دیار بوو ئەم پیرە تەواوە بەم ئێوارە لەم کۆنەهەوارەدا بەدوای ڕاو دا دەگەڕا، بەسەر و پرچی قرژن و دوو چاوی دڕندە و هار بە چواردەوریدا دەیڕوانی و هیچ جووڵەیەکی نەدەبوارد .

من سەرم هەڵنەهێنا، چاوەڕێ بووم نەمبینێت و تێپەڕ بێت و بڕوا، کەچی لەپڕێکا وەک شەهێن لەنگەری گرت و وەستا و پەنجەی بەرەوڕووم ڕاکێشا و کوتی:

تۆ! نمەکت کردین و نمەکدانت شکاند، نانت خواردین و ناندێنت دڕاند, جاشی و خۆفرۆشی کوڕەکەی من بەشی ئەوەندەی نەکرد دەولەت تەرمەکەی بێننەوە و ڕادەستی ژن و منداڵە کلۆڵەکەی بکەنەوە، ئارەزوومە دەردێک بگری کەس سەری لێدەرنەکا و تا ئەو ڕۆژەی دەژی بەدەست ژیانەوە پێوە بیت.

یەک بە یەکی ئەم وشانەی لە دەم و لێوی هەڵدەفڕین وەک بزمار و گوڵمیخ لە تەپڵی سەرم دەچەقین.

هەر چەند زۆر توند و تیژ بەگژم داچوو، بەڵام کە لە لێم دەڕوانی، چاوەکانی وەک ئاسمانی ساوی ئەم ڕۆژەی نیشتمان شین و بێگەرد و ئارام بوو.

من  سەرم داخست و هیچ یەکودووم لەگەڵ ئەو پیرێژنە نەکرد، دەمزانی ئەم درز و کەلێنەی لە نێوانمان کەوتووە تازە بە هیچ پڕ نابێتەوە، ئەوەی وەک خۆی مابوو و نەگۆڕابوو کۆرپەکەی کاک ئازاد بەکۆڵی نەنکێوە بوو کە دەیناسیمەوە و خۆی لەبەریەک دەکێشا و دەستی بۆ هەڵدەبڕیم بۆ ئەوەی لەباوەشی بگرم.

ساڵ هات و چوو و ژیان وەک گلۆڵەبەن بەرەوژێر خلۆر بۆوە، وابزانم نزای ئەم ژنەش هاتە دی و وا بەدەست ژیانەوە  پێوە بووم، وەک کەروێشکێک کە بە تەڵەوە بووبێت، ئارەزوومە ڕاوکەر ڕاکاتە سەرم و سەرم ببڕێت لەم ئازارە ڕزگارم بێت  .

#گۆئەستێرە ، کرمێکە کە لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە، کرم شب تاب.

##دارۆخان، گوندێکی دۆڵی شلێر سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن.

###.ڕێگای ئاوریشم، ڕێگایەک کە لە وڵاتی چین دەستی پێدەکرد و هەموو ڕۆژهەڵات و ئورووپای  بەیەکەوە گرێدابوو  .

وێنە. شیوێکی ناوچەی سەرشیوی سەقز.